بۆ/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عیراق
بابەت/ڕاپۆرتی هاوبەش.

سلاو وریز:

نوسراوتان ژمارە ك ١٧٦٢لە٢٠١١/١٢/٢٨سەبارەت بە ناردنی(پرۆژە یاسایی ڕێگا گشتی یەکان لە هەرێمی کوردستان) بۆ لێژنەکەمان هاتووە کە لە دانیشتنی ژمارە ١٨ ی ڕۆژی چوار شەممە بەرواری ٢٠١١/١٢/٢١لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە .

لە سەعات (٩)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/١٢/٢٨ کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو لێژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن و هاوچەرخ کردنی لادێکان و لێژنەی یاسای لە پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی بەرێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێدرا،بۆ گفتو گۆکردن و گەلاڵەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی هاوبەش لەسەر پرۆژە یاسای ناوبراو،لە ئەنجامدا ئەم خالانە دەخەینە بەردەستان.

یەکەم/لەدێری دووەمی پێشەکی پرۆژە یاساکەدا دەستەواژەی (المجلس الوطنی لکردستان _عیراق)بکرێتە (پرلمانی کردستان_عیراق).

دووەم/لەبڕگەی (٩)ماددەی یەکەم ،ووشەی (الاشغال)بکرێتە(الاثقال).

سێ یەم/لە ماددەی دووەم بڕگەیەك بە زنجیرەی حەوتەم زیاد بکرێت و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە.

سابعا/تنظیم ومنح اجازات وضع ونصب وسائل الدعایة والاعلان علی الطرق العامة.

چوارەم/لەبڕگەی دووەمی ماددەی چوارەم دا دەستەواژەی (الجمعیات الفلاحیة)بکرێتە (اتحاد الفلاحین).

پێنجەم/لەبڕگەی (٧)ی ماددەی (٨)زنجیرەی (٢)زیاد بکرێت بەم شێوەیە:

٢.(ابرام العقود مع الشرکات المختصة لوضع ونصب وسائل الدعایة والاعلان ضمن محرمات الطرق العامة وفق الضوابط والشروط الخاصة بالوزارة).وەبەم شێوەیە ریزبەندی زنجیرەکانی دواتر دەگۆڕێت بۆ (٤،٣).

شەشەم/لە ماددەی (٩)یەمدا دەستەواژەی (الطرق العام)بکرێت بە (الطرق العامة)و دەستەواژەی (قوی الاسایش)بکرێتە (قوی الامن).

حەوتەم/لەماددەی (٢٥)دا دەستەواژەی (مع الوزاره الداخليه والوزاره الماليه والاقتصاد)بکرێت بە (مع وزارەتي الداخليه والماليه والاقتصاد).

داواکارین ئەم راپۆرتە هاوبەشە بخرێتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆو دەربڕینی بۆ چونی پێویست لەوبارەیەوە.

لەگەڵ رێزدا.....

خليل عوسمان محمد امين	شلێر محمد نجيب	حمه سعيد حمه علی
بريارده‌ر	جێگر	سه‌رۆك
ارام شاهين داود	جمال طاهرابراهيم	شڤان احمد عبدالقادر
ئه‌ندام	ئه‌ندام	ئه‌ندام
كاروان صالح احمد	په‌يام احمد محمد امين	دلشاد شهاب حاجی محمد
ئه‌ندام	ئه‌ندام	ئه‌ندام

د. رۆژان عبدالقادر دزەیی بڕیاردەری لیژنە	حاکم/ عەونی بەزاز جێگری سەرۆکی لیژنە	شێروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی

عمر عبدالرحمن علی ئەندام	عمر نورەدینی ئەندام	گۆران ئازاد محمد ئەندام	د. احمد ابراهیم وەرتی ئەندام

کاردۆ محمد پیرداود ئەندام	برهان رشید حسن ئەندام	[redacted] ئەندام	ئارام قادر ئەندام

نووسراوێك بۆ:

* نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان
* نووسینگەی بەڕێز جێگیری سەرۆك پەرلەمان.
* نووسینگەی بەڕێز سکرتیری پەرلەمان .